# ڕەهێڵەی سۆز

خولیا حسێن/کەنەدا



3.17.2005

بمخەرە ژێر رێژنەی ڕەهێڵەی سۆزتەوە
وا خەریکە دەسووتێم و
ئازاری ئەم تاراوگەیە
دوایی نایەو
جەستەم ناکاتە خۆڵەمێش ,
وەرە ئەمشەو
بمکەرەوە بەو مندالە قژ پژاو و لاسارەکەی,
لەژێر رەشماڵی قەترانی
چارۆکەکەی تۆ نەبوایە
ئارامی پەی پیٚ نەدەبرد,
ئەو چارۆکەی
ئارامیتریین هەوارگەی هێنانەدی
ئارەزووەکانی منداڵی و
بەرزتریین ئالآی شەکاوەی ئاسمانی

ولاّتی یادەکانمە,
وا خەریکە
هەموو هەنگاوەکانی
گەشتی تەمەنی بیّ تۆییم
دەپیّچمەوەو
بۆ باوەشت هەنگاو دەنیّم
دیّم وەک جاران پەنجەکانم دەخەمە نیّو قەفی بسکە لوولەکانت
تاوەکوو خەو دەمباتەوە گویّ رادەگرم
لە هەناسەی
نە هەساوەو لە چیرۆکی نەهامەتی
تالّ بە تالّی
قژی سپی خۆر نەدیووت .
دیّم و دیسان
خۆم دەخزیّنمەوە ژیّر میهری
ریّژنەی رەهیّلّەی سۆزتەوە
با نەسووتیّم......,
ئازاری ئەم تاراوگەیە
جەستەم نەکاتە خۆلّەمیّش ,
بمخەرە ژیّر
ریژنەی
رەهیّلّەی سۆزتەوە.